## لائیحەی داواکا نمان لە پیناو بەرگرتن بەکوشتنی ژنان بەبەهانەی ناموسی:

1-یەکسان بوونی هەمووان لەبەرامبەر یاسادا, هیچ بەهانەیەك قبول نەکریت بۆ ئەو کەسانەی کوشتن وتوند وتیژی لەدژی ژنان ومنالان ئەنجام دەدەن. وهیچ تەبریریکی فەرهەنگی دینی وقەومی وپیاوسالاری بۆ ئەم تاوانانە قبول نەکریێ. ژنانی پەنابەر وەك هەموو ژنانی بریتانیا یەکسانن لەماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانیان, وژێر پێنانی ئەم مافە لەلایەن براو باوك ومیردەوە بەتاوانی گەورە حساب بکریت.

2-حیجابی کچانی خوار 16 سال و خەتەنەی منالان قەدەغەیە وەدەبیت بەیاسایەك رابگەیەندریت.

3-هەلوەشاندنەوەی قوتابخانە ئاینیەکان وراگرتنی هەرجۆرە ئیمکاناتیێکی دەولەتی بۆ دامەزراوەیەکی ئاینی وقەومی کە ناکۆکیان هەیە لەگەل ئازادی ومافە شەخسییەکانی ژنان ومنالان.

4-کۆتایی هێنان بە جیاکردنەوەی کەمایەتیەکان وهەلوەشاندنەوەی سیاسەتی کەمپسازی پەنابەران ودانانی بەرنامەیەکی چالاك بۆ تیکەلاوبوونی ژنان ومنالانی پەنابەر و پەروەردەکردنیان بە فەرهەنگی پیشکەوتوو ئینسانی وهاوچەرغ.

5-دەولەت ئەرکیەتی کە لە دژی هەرجۆرە فەرهەنگیکی پیاوسالار وناموسپەرستانە ودژە ژن بوون رابوەستی ولەرێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە بەرنامەی هۆشیارکردنەوە ورۆشنگەری لەنیۆ پەنابەراندا بەفراوانی بەریتە پیشەوە.

6-حساس بوونی دەولەت بەهەرەشەکانی کوشتنی ژنان و توند وتیژیەك کەلەنیۆان خیزانی پەناپەراندا بەرەو رووی ژنان دەبیتەوە لەمبارەوە کردنەوەی شیلتەر بۆ پاریزگاری لەژنان وناوەندی فریاگوزاری وبەهانا چوونی خێرای ئەو ژنانەوە کە مەترسی کوشتن وزەبروزەنگیان لەسەرە.

7-فشار هینان بۆ دەولەتانی رۆژهەلات لەوانەش بۆ دەسەلاتدارانیکوردستان بۆ هەلوەشاندنەوەی یاسای باری کەسیتی وسزا کەپشتیان بە شەریعەتی ئیسلام وموقەدەساتی قەومیەوە داوە و لەجیێگەیدا پەیرەویکردن لە یاسایەك کەمافی یەکسانی ژن وپیاو لەهەموو بوارەکاندی ژیاندا بسەمیێنی..

سەوسەن سەلیم

بەرپرسی کەمپینی جیهانی بۆ کۆتاییهێنان بە کوشتنی ناموسی ژنان

**2004/10/8**